ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**PHPBB چیە و چۆن دادەمەزرێت؟!**

نووسەر: @:

PHPBB چیە و چۆن دادەمەزرێت؟!

phpBB چیە؟

دامەزراندن

سەبارەت
بریتی یە لەپرۆگرامێکی جێگیرو بەهێز لەڕووی پرۆگرامکردنیەوە، دیارە ئەمەش لە یەکەم دەرچوونەوە ڕوخسەتی پێدراوە لە لایەنە بەرپرسەکانی ئەم بووارەدا. یەکێک لە خاسیەتە هەرەباشەکانی ئەم پرۆگرامە ئەوەیە کە کەکۆنترۆل پانێڵێکی بەهێزی هەیە هەم لەڕووی پاراستنەوە وە لەڕووی بەکارهێنان ودەستکاری ووردەوە لەڕێگای کەسی بەڕێووبەر ، هەروەها ئەم پرۆگرامە لەلایەن یەکێک لەهەرە پرۆگرامە سەرکەوتووەکان و بڵاوەکانەوە دروست کراوە کەئەویش زمانی PHP یە(وابزانم لای زۆربەتان ئاشنایە).
یەکێک لەهەرە سیفەتە باشەکانی ئەم پرۆگرامە کارکردنەیەتی لەگەڵ زۆربەی بنکە زانیاریەکان(Database) وەکوو ،،PostgreSQL MS-SQL ،،MySQL ،،Access/ODBC کەئەمانەش لەناودارترین و بڵاوترین بنکە زانیاریەکانن.
ئەم پرۆگرامە هەر لەیەکەم وەشانیەوە تاکو وەشانی ئەمڕۆی ناسراوە بەوەی کە بێ پارەیە وە هەروەها لە ڕووی پاراستنەوە بەهێزەو زۆر ئاسانە وەرگێڕانی بۆ زمانەکان و کارکردن لەسەری وگۆڕینی شێوەو کردارەکانی خۆش دەستە ، جابۆیە لەم کاتەدا لە هەرە پرۆگرامە سەرکەوتووەکان بۆ دروست کردنی مەکۆ (Forum) دەژمێرێت. بەڕاستی جێگایەکی باشی خۆی کردوەتەوە لە لای بەکارهێنەران وئاشقانی دنیای تازەکاری.
منیس هەرلەبەر ئەو هۆکارە بوو ویستم کوورتەیەکی لەسەر بنوسم چۆنیەتی دامەزراندی. لەم بەشەدا باسی دەکەم بە ڕوونی.
خەسڵەتە باشەکانی ئەم پرۆگرامە چین؟
• لەڕووی دامەزراندنەوە ئاسانەو لەچەند دەقیقەیەک زیاتر ناخایەنێت.
• پشتیوانی زۆربەی زۆری بنکە زانیارە بەناوبانگەکان کەلەسەرەوە باسم کردوون(لەوانەیە لەداهاتوودا پشتیوانی بنکەی تر بکات).
• لەڕووی بەکاربردنەوە بەهێزوو بڵاوە.
• زۆربەهێزە لەڕووی گۆڕین و بەکارخستنی ژمارەو کۆدەکان لەگەڵ بنکە زانیاریەکاندا.
• زۆر بەباشی لەگەڵ تەکنۆلۆجیای sessions کاردەکات.
• دروست کردنی بەشی زۆر لەمەکۆدا و خاڵبەند کردنیان بەشێوەی مەبەست.
• توانای دروست کردنی مەکۆی تایبەت کە بەبێ خۆناونوسکردن نەتوانرێ بچیتە ناوی‌یەوە.
• بوونی گەڕۆک تیایدا کە( ئاسان کاری دەکات بۆ دۆزینەوەی بابەت).
• توانای بەکارهێنای فۆنت و ڕەنگ هەڵبژاردن تیایداو کارکردن لەسەریان بەبێ کێشە وەهەروەها گۆرینی URL ناونیشانەکان کردنیان بەبەستەر.
• بوونی BBcode تیایداو توانای بەکارهێنانی کۆدەکانی HTML زۆر بەئاسانی دەستکاری کردنی.
• توانای ناردنی پەیامێک لەکاتی بوونی وەڵامێک لەسەر بابەتەکەت.
• بوونی سمایڵی جوان تیایداو بەکاربردنیان.
• کۆنترۆڵکردنی تەواوی بەشەکان وگرووپەکان و پێدانی خەسڵەتی تایبەت پێیان.
• ئەتوانرێت لەهەندی یانە دیاری بکرێت تەنها بۆ چەند کەسێکی دیاری کراووە ڕێگەپێدان تەنها بەوانە.
• پابەندکردنی ئەندام تیادا کەوا بکرێت دیاری کراو بێت تاچەند بتوانێت بنوسێت و دیاری کردنی ئەو بەشەی کە بەڕێووبەر ڕێگەی پێداوە.
• ئەندامان بێ سنوورە.
• بوخچەی تایبەت بۆ هەموو ئەندامێک.
• دانانی ژمێرەری تایبەت بەبەشداریەکان و دانانی پلە بۆ ئەندام بەپێی ویستی بەڕێوبەر.
• بوونی سیستەمێکی نامە گۆڕینەوە لەنێوان ئەندامان دا.
• دانانی وێنەی تایبەت بەئەندامان.
خەسڵەتی چاودێران چین؟

• ڕێکخستنەوەی بابەتەکان.
• سڕینەوە ، داخستن ، گواستنەوەی تاکی وبەکۆمەڵ.
• بەشکردنی بابەتەکان لەڕوو ناوەڕۆکەوە.
• توانای سڕینەوە کۆمەڵێک بابەت پێکەوە بەشێوەیەک خێرا.

خەسڵەتەکانی بەڕێوبەر چین؟

• دەستکاری کردن بەگشتی.
• دانانی مەکۆ و بەشەکانی.
• دانانی پاڵپشت (Backup) بۆ بنکەی زانیاری و گەڕانەوەیان.
• بەربەست کردنی هەندێک ناو لەبەشداری.
• دیاری کردنی توانای ئەندامان کۆنترۆڵ کردنیان.
• نەهێشتنی بەکار بردنی هەندێک ووشە کەشایستە بە مەکۆ کە نەبن.
• کۆنترۆڵ کردنیکی تەواوی ئەندامان لەهەموو ڕوویەکەوە.
• زیاد کردنی سمایڵی و شێوەی تایبەت.
• کۆنترۆڵ کردنی تەواوی ئی مایڵی تایبەت بەئەندامان وژمارەی ئای پی یان.
• بەدواکەوتنی ئای پی بەشداربوو وەلێ کۆڵینەوەی.
• ناردنی ئی مایڵ بۆ هەموو ئەندامان بەیەک شێوە وناردنی ئی مایڵ بۆ گرووپی تایبەت.

ستایڵ و شیوەی جوان بە مەکۆ

• بوونی ستایڵی زۆر وەتوانای بەکارهێنانیان بە ویستی خۆت.
• سیستەمی تیمبڵ بەشێوەیەک نوسراوە کە دوورە لە کۆدەکانی PHP کەئەمەش ئاسانکاری یە بۆ ئەوەی بەئاسانی دەستکاری شیوەی بکەیت بە پێی ئارەزووی خۆت.
• زۆر بەئاسانی دەتوانرێت دەستکاری ڕەنگ وقەبارە بکرێت بەبەکارهێنای سیستەمی CSS .
• زۆرگۆڕانکاری جوان ڕاسکردنەوەی تێدا کراوە لەبەر زۆری بەکارهێنەرانی.
• گونجاندنی لەگەڵ XHTML 1.0 و HTML 4.01 کە دیارە ئەمیش پشت بەست کراوە لەلایەن W3C .

پاشئەوەی باسێکی کورتمان لەسەر ئەم پرۆگرامە کرد، وابزانم خراپ نی‌یە ئەگەر یانەیەک بەمە دروست بکەین، لەوانەیە بپرسن من لەچۆنیەتی بەکارهێنانی هیچ پێشکاریەکم نی یە زۆر ئەستەمە ،
بەڵام بەدڵنیایەوە دەڵێم زۆر ئاسانە دامەزراندی بەشەکانی تری دەکەوێتە سەر دەست و پەنجەڕەنگینەکانت وئەوبابەتە جوانانەی کە مەکۆکەت لەخۆی دەگرێت. ئەنجا باقۆڵی لێ هەڵ کەین بزانین چەند ئاسانە دامەزراندنی.
پێش هەموو شتێک تۆ دەبێت ماڵپەڕێکت هەبێت کەبنکەی زانیاری هەبێت یان توانای دروست کردنی هەبێت وپشتگیری لەزمانە ناوبراوەکانی سەرەوە بکات.

خەم مەخۆ!!!
دەتوانیت ماڵپەڕێکی بەبێ بەرامبەر بکەیتەوە کە ئەمە لەزۆر شوێن دەکرێت بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بێ پارە بێت یان بەپارە ئەگەر هەتبێت وە بنکەی زانیاری تیادا درووست کەین یان تێدا بێت.
من خۆم لەرووی ئابووریەوە لە تەنگەژەدام بۆیە هەڵساوم بەدرووست کردنی ماڵپەڕێک لە لایکۆس وابزانم زۆربەمان بیستومانە.
ئێستا دێینە سەرباسی دروست کردنی ماڵپەرێک لا لایکۆس بەقەبارەی 50 مێگا بایت وە پشتگیری بنکەی زانیاری دەکات.
سەرەتا سەردانی ئەم بەستەرە بکە
http://www.tripod.lycos.co.uk
چۆنیەتی خۆ تۆمارکردن لە وێبگەی ناوبراوی سەرەوەدا.

دامەزراندن
ئێستا دوای ئەوەی خۆت ناونووس کرد بڕۆبۆ کۆنترۆڵ پانێڵی ماڵپەڕەکەت بڕۆ سەر ئەو شوێنە کەدیاری کراوە بۆ چالاکردنی PHP و ناوی بنکەی زانیاری و بەکارهێنەری(تەماشای وێنەی خوارەوە بکە).




کرتە لەشوێنی دیاری کراو بکە.
ئەنجا پەنجەرەیەکت بۆ دەکرێتەوە وەکوو وێنەی خوارەوە.




1. ناوی بنکەی زانیاری(ئەمە لەماڵپەڕێک بۆ یەکیکی تر دەگۆڕێت)
2. ناوی بەکارهێنەری بنکەی زانیاری.
3. لێرە گرنگ نی یە واتا لە لایکۆس وایە بەڵام لەماڵپەری تردا دەگۆرێت ئەگەر هەبێت ئەبێت بەکار ببرێت.
4. ناوی خانەخوێ.

ئێستا بەپشت بەستن بەو نامە ئەلیکترۆنیەی کە بۆمان هاتووە لەلایەن لایکۆسەوە کە FTP ئەدرەسوو ناوی بەکارهێنەری تێدا یە، دەچین بەیەکێک لەبەرنامەکانی پەرگە خستنە سەر راژەکار وەگەڕ دەخەین(من خۆم پرۆگرامی file zilla بەکاردەبەم لەوانەیە لای جەنابت دانەیەکی تر بێت بەڵام جیاوازی نی یە هەر هەمان کردار دەکات)

>>ئەگەر دەتەوێت ئەو پرۆگرامە بۆ پەرگە خستنە سەر راژەکار بەکاربهێنی ئەوا سەردانی ئەم بەستەرە بکە.

http://sourceforge.net/project/showfiles.php?group_id=21558

ئێستا تەماشای رووی پرۆگرامەکە بکە وەک لەوێنەکەدا دیاری کراوە.




1.ئەدرەسی ف.ت.پ ماڵپەڕەکەت.
2.ناو.
3.وشە یان ژمارەی نهێنی.
دواى ئەوەى شتەكان بەسەركەوتووى كۆتايى هات، ئەنجا>




4.بوخچەی phpBB لەسەر کۆمپیوتەرەکەی خۆت دوای ئەوەی لە دات بەزاندوە، ئەگەر هێستا ئەو کارەت نەکردوە سەردانی ئەم بەستەرە بکە بەخۆڕایە.
http://www.phpbb.com/downloads.php

5.ئێستا هەڵسە بەگواستنەوەی پەڕەکان بۆ سەر ڕاژەکار واتا کەتەواو بوو لەبەشی 6 دەردەکەوێت تەنها چەند خولەکێکی پێدەچێت.
دوای تەواوبوونی کارەکە بەسەرکەوتوویی. ئەنجا>




دەچەینە سەر پەڕەی config وکرتەی لای ڕاست دەکەین دووایەمین دانە هەڵدەبژێرین (شەرت نیيە لەهەموو پرۆگرامەکانی گواستنەوەی پەڕە بۆ سەر ڕاژەکار دوایەمین دانەبێت).

دوای ئەوەی کە هەڵمان بژارد پەنجەرەیەکمان بۆ دەکرێتەوە بەم شێوەیە>




. دەگۆڕین بۆ 666 کەئەمەس واتای خۆی هەیە لە زنجیرەکانی داهاتودا باسی دەکەین.

دوای ئەوەی کارەکانمان ئەنجام دا بڕۆ بۆ ئەم پەڕەیە لە ماڵپەڕەکەت

http://nawimalper.com/install/install.php

ئەم نرخە لەماڵپەڕێک بۆ ماڵپەڕێکی تر دەگۆڕدرێت.




ئێستا لە و پەڕەیەن کەباسمان کرد.
ئەنجا لەبەشی خوارەوەکارەکانمان دەکەین وەک لە وێنەکەدا.




11. ئەمە دەبێت بەم شێوەیە بێت.
12. ناوی لۆکال هۆستەکەت.
13. ناوی بنکەی زانیاریەکەت .
14. ناوی بەکاربەری بنکەی زانیاری.
15. ئەگەر ووشەی تێپەڕبوون هەبوو دەبێت بنوسرێت(لە لایکۆس پێویست ناکات).
16. ئەمە دەستکاری مەکە.
17. ئی مایڵی ئەدمین لە مەکۆکەدا گرنگە.
18. ناونیشانی ماڵپەڕ.
19. پۆرتی ڕاژەکار.
20. ناونیشانی پەڕەی مەکۆ.
21. ناوی بەڕێوبەری مەکۆ.
22. 23 وشەی تێ پەڕبوونی بەڕێوبەری مەکۆ.

ئێستا دوای ئەوەی خانەکان بە تەواوی پڕکرانەوە دایبمەزرێنە برۆ بۆ پەڕەی داهاتوو.
وەک ئەم شێوەیە.




بەهەمان شێوە بەردەوام بە ئەنجا دەبێت ئەم پەڕەیە بکرێتەوە.




23. دەڵێت ئەم 2 پەڕەیە دەبێت لە ناو بوخچەی سەر ڕاژەکارەکە بسڕێتەوە تا مەکۆکە بکەوێتە کار(install , contrib) ئێمەس بەقسەی ئەکەین و دەچین دەی سڕینەوە.




24، 25 هەردوکیان بسڕەوە وەکوو باسمان کرد بۆچی؟!
ئێستا دوای ئەوەی کەدامان مەزراند بڕۆ بۆ ماڵپەڕەکەت لەو لاپەڕەیەی کە مەکۆکەت تێدا داناوە ئێستا مەکۆکەت ئامادەیە و کار ئەکات.




ئێستا بڕۆ بۆ ماڵپەڕەکەت لەو پەڕەیەی کە مەکۆکەت تیدا داناوە مەکۆکەت دەبینی یەوە.
ئێستا پاش ئەوەی مەکۆکەت دامەزراند دەتەوێت بڕۆی بۆ ناو کۆنترۆڵ پانێلی مەکۆکەت،
باشە بڕۆناوەوە وەکو بەڕێوبەر وا تا ناو وشەی تێ پەڕ بوون وەک لەسەرەوە باسکراوە خاڵی21، 22 بدەرێ دەبینیت ئەم پەڕەیە دەکرێتەوە وەک ئەم وێنانە.




27.ناو وشەی تێ پەڕبوونی بەڕێوبەر.




28.بڕۆ بۆ کۆنترۆڵ پانێلی بەڕێوبەر.




لەم شوێنەدا دەتوانی دەست بەسەر هەموو کون وقوشبنی مەکۆکەتدا بگریت، چاودێری بکەیت.

بە هیوای ئەوە بابەتەکە سوودبەخش بێت.

Oct 2005 31

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت